# شێوازی تەیەموم کردن

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# صفة التيمم

< كردي >

## فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# شێوازی تەیەموم کردن

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئایا شێوازی تەیەموم کردن چۆنە؟ بۆمان ڕوون بکەنەوە خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە واجب لە تەیەموم کردندا دوو جار ناو لەپی دەستدانە لە گڵی پاك، شێوازەکەشی بەم شێویەیە : جارێکیان ئەو تۆزەی کە بە لەپی دەستەوە نوسراوە بیهێنیت بە دەموچاوتدا، بە شێوەیەك تەواوی ئەو سنوورە بگرێتەوە کە لەکاتی دەست نوێژ گرتندا دەیشۆریت، جارەکەی تریان بەو شێوەیە دەبێت کە ناو لەپی دەستەکانت بدەیت بە گڵی زەویەکەدا، وپاشان هەردوو دەسەکەت بهێنیت بەیەکدا، ئەمەش ڕای مەزهەبی ئیمامی شافعیە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )، وە لەناو هاوەڵانیشدا عەلی کوڕی ئەبو طالب وعەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت) هەمان بۆچونیان هەیە، لەپاش ئەوانیش حەسەنی بەصری وشەعبی و سالمی کوڕی عەبدوڵا وئیمامی مالیك و لەیث و ثەوری وئەصحابی ڕەئی و عەبدولعەزیزی کوڕی ئەبی سەلمە وای بۆ چوون .

بەڵام ئیمامی ماوردی وئیبن ئەبی سیرین وتویانە : تەیەموم جێ بەجێ نابێت و دروست نیە بە سێ جار دەستدان نەبێت لە گڵی پاك، جارێکیان بۆ دەموچاو، جارێکی تریش بۆ لەپی دەستەکان، جاری سێهەمیش بۆ دەستەکان تا ئانیشکت .

قورطوبیش لە ئیبن عەبدولبەڕەوە گێراویەتیەوە ، ئەویش لە ئیبن ئەبی لەیلا و حەسەنی کوڕی حویەیەوە گە ووتویانە : تەیەموم دوو جار دەست کێشانە بە گڵی خاوێندا، لەگەڵ هەموو دەست کێشانێکدا دەموچاو قۆڵەکان تا ئانیشك و لەپی دەسەکانی پێ مەسح دەکەیت، بەڵام ئیبن عەبدولبەڕ لە بارەی ئەم ڕایەوە ووتویەتی : جگە لە ئیبن ئەبی لەیلا و حەسەن هیچ کەسێکی تر لە ئەهلی عیلم ئەم بۆچونەیان نەبووە .

عەطا ومەکحول و ئەوزاعی و ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی، پێیان وایە تەیەموم کردن یەك جار دەست دانە لە گڵی پاك : ئەویش هەر بەو یەکجار دەستدانە لەزەوی دەموچاو لەپی دەستەکانیشی پێ مەسح دەکرێت .

**بەڵام ئەوەی ڕای پەسەند بێت بەلای ئێمەوە** ئەوەیە کە صیفەت و شێوازی تەیەموم کردن یەك دەستدانە لە گڵێکی پاك، هەر بەو تۆزی گڵەی کە بەناو لەپەوە نوساوە مەسحی دەموچاوی پێ دەکەیت، وپاشان دەستی ڕاستت دەهێنیت بەدەسی چەپتدا، ئەویش لەبەر بوونی بەڵگەی صەحیح و دروست، وەك لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە : أن النبي قال لعمار بن ياسر رضي الله عنه :« إنما يكفيك أن تقول بيديك هكذا، ثم ضرب بيديه الأرض، ومسح بهما وجهه وكفيه »واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى اللە علیە وسلم ) فەرمووی بە عەماری کوڕی یاسر ( خوای لێ ڕازی بێت ) تەنها هێندە بەسە کە هەردوو دەستت بەم شێوەیە لێ بکەیت، پاشان هەردوو دەستی دا بە زەویدا، ومەسحی دەموچاو و لەپی دەستەکانی پێکرد ..

خوای گەورەش زاناترە ..